گونجاو نییە بۆ کەسی ڕاستگۆ کە نەفرەتلێکەر بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گونجاو نییە بۆ کەسی ڕاستگۆ کە نەفرەتلێکەر* بێت». *(نەفرەتلێکەر: مەبەست ئەو کەسەیە زۆر نەفرەت ولەعنەت لە خەڵکی وهەموو شتێک دەکات)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

زۆر نەفرەت ولەعنەت کردن پێچەوانەی پلەی ڕاستگۆییە، ئەمیش پلەیەکە لە پاش پلەی پێغەمبەرایەتیەوە، ڕاستگۆیی لە بەرزترین پلەکانە کە دەکرێت ئیماندار پێی بگات لە لای خوای گەورە، ولە هۆکارەکانی بە دەستهێنانی ئەم پلەیە خۆدوورخستنەوە لە جوێندان ونەفرەت کردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6984